www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:08

## ئاگاداریەک لەکۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکانی (یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان) بۆئەندامانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنەکانی (کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکانی کوردستان)

لەژێرپەردەی جێ بەجێ کردنی ناوەرۆکی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەکەیان ورێگا نەدان بەوەی ئەندامانیان لەکۆمەڵەیەکی هاوچەشنی کۆمەڵەکەیان ئەندام بێت، کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکانی کوردستان بەنوسراویان ژمارە (83) لە (2006/11/15) حەوت ئەندامی ئەنجومەنەکەمانیان لەمافی ئەندامیەتی بەرکەنارکردیاڕاستتربڵێین (دەرکرد)، ئێمەش لەوەڵامدا بەنوسراوی ژمارە (37) لە (2007/3/15) ئاگادارمان کردنەوەکەپێویستەبۆمان ڕوون بکەنەوە ئایا ئەو بڕیارەیان تەنهاوتایبەتە بەو حەوت ئەندامەی ئێمە یاخود سەرجەم ئەوانەدەگرێتەوە کەئێستالەکۆمەڵەکەمان ئەندامن وژمارەیان پتر لە (2000) دووهەزارەوناسنامەی ئەندامەتی ئەوانیشیان هەیە، بەڵام تاکوئێستاکەهیچ وەڵام وڕوون کردنەوەیەکیان نەداوینەتەوە، هەرچەندە ئێمە دڵنیاین کە ئەو بڕیارەیان تەنها بۆ ئەو حەوت ئەندامەی ئێمەبوەو هیچی تر گەرنا پێویستە هەموو ئەو کەسانەی کە لەلای کۆمەلەکەمان ئەندامن بەهەمان شێوە مامەڵەبکرێن بەوەش دەیسەلمێنن کە بەڕاستی پابەندی خاڵەکانی پەیڕەوەکەیانن، بەدەر لەوە بەپێویستی دەزانین هەموولایەک ئاگاداردەکەینەوەکەسەرجەم ئەو هەڵبژاردنانەی لەسنورە جیاجیاکان ئەنجامیان داوەبەپێی ناوەرۆکی پەیڕەوە کە یان شەرعیەتی نیەو لەئاستی ڕاستگۆییانی کەم کردۆتەوە چونکە ئەو ژمارە پێشمەرگە دێرینەی کەلای ئێمە ئەندامن لەهەڵبژاردنەکانی ئەواندا بەشداریان کردوە لەکاتێکدا مافی ئەندام بوون ولایەنگریان نیە بەپێی پەیڕەوپرۆگرامەکەیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەشیک لەئەندامانی ئێمە وەک نوێنەر هەڵبژێردراون، وە بەپێی سستەمی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی جیهان کە ڕێگادەدات بەهەر کەسێک لە چەند کۆمەڵەیەک ئەندام بێت با هاوچەشنیش بن، بۆیە ئێمە بەلامانەوە ئاساییە کە ئەندامەکانمان لەکۆمەڵەیەکی تریش ئەندام بن.

ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی (ی.ن.ک)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.